
ئاسۆ بیارەیی
2005-5-22 سوێد

## کەروێشکە خەوی زیندان



لە وەتی من لە عەرشی سەرۆکی ئومەی عەرەبی هێنراومەتە خوارێ، خەوی وا خۆشم نەکردووە، بەبێ خەم سەرم نەناوەتە سەر سەرین، مافی خۆشمە، ئاخر 35 ساڵە حەسحەسی دەروازەی ڕۆژهەڵاتی عەرەبم کردووە. ئەمڕۆش مافی خۆمە کەمێک پشووبدەم. هێندە خەوەکەم خۆشە، تەنها گوێم لە پرخەی خۆمە، بڕوابکەن ئەگەر بم زانیبایە هەر زوو خۆم دەدایە دەست ئەمریکیەکان، ئەگەر بم ویرایە هەرگیز نۆمانگ چاوشارکێی ناو دارستانەکانی بەغدام لە گەڵدا نەدەکردن.

ئای لە شوێنێکی چەند هێمندا دەژیم، کاتێکی زۆر و بەرنامەیەکی کەم.
من ویستم، حەزم دەکرد وەکو باوکم ، پیاو دەربچم، بەڵام دونیا گۆڕاوە، ئێ خۆ جل شتن عەیب نییە، با پیاو ڕێگەی دایکیشی وون نەکات، هەندێ جار ئەمەش پێویستە. بڕواتان بیت، لە کاتی جل شتندا جوانترین ئیلهامی شیعریم بۆ دێت، کە دەکرێ چەند کلیپێکی باش و زیندوی لێ دەربچێت.



دڵنیام ئەگەر ساجدەی ژنم ئەم وێنەیەم ببینێت، دەزانێت کە من  چۆن باوکێکم، کە یەکسانی ژنان لە ژیانمدا، بەتەواوی جێبەجێ دەکەم. دڵنیام شانازیم پێوە دەکات.

ڕەغدەش هەروەها، خزمانی دیکەش. تۆزێکی گومانم لە عێزەتە کوێر هەیە، کە دژی مافی ژنانە. مامە تەها کان نەء، چونکە یەکێکیان کوردە، دەبێ ئاوی خواردنیشیان بدرێتێ.

ئێستا خانەکانی میشکم، میوانی کەس ناکەن، کەمێ دەشتەکەی عوجەی نەبێت، کە بیری دەکەم ، ئێ کێ زێدی خۆی لە بیردەچیتەوە؟

پێش ئەوەی کۆتایی بەباسی زیندانەکەم بهێنم، ئێستاش، ئامادەیی ووتووێژم تیایە، ئەگەر کاکەیەکی سەرکردە، یان شێخێک دەیەویت پەیوەندیم پێوەبکات.

تا نامەیەکی تر هەرخۆشبن
کاتژمێر کاتی جل ششتن

بەندەی خۆتان
سەدامی تاقانە
لە زیندانی کەرامەت